جیاوازی نێوان بابەتە ئاشکراکانی دین و بابەتە خەفیەکان

بـــــۆ

تەکفیر

بسم الله الرحمن الرحيم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته الحمدلله رب العالمين، والصلاة والسلام على أشرف الأنبياء والمرسلين، نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، ومن تبعهم بإحسان إلى يوم الدين

نووسەر:
ماموٚستا ئوسامە تەوحیدی (شارەزووری)

الشيخ محمد بن عبد الوهاب رحمه الله دەفەرموێت
(إنّ الشخص المُعيّن إذا قال ما يوجب الكفر ، فإنّه لا يُحكم بكفره حتى تقوم عليه الحجّة التي يكفر تاركها ، و هذا في المسائل الخفيّة التي قد يخفى دليلها على بعض الناس ، و أمّا ما يقع منهم في المسائل الظاهرة الجليّة ، أو ما يُعلم من الدّين بالضّرورة فهذا لا يُتوقّف في كفره قائله)

کەسی دەستنیشانکراو کاتێ قسەیەک دەکات کەقسەکەی کوفرە حوکم بەکافربونی نادرێت تا ئیقامە حوجە دەکرێت کەلەپاش ئیقامە حوجە تەکفیردەکرێت ئـەمەش بـۆ ئەو بابەتانەیە کەشاراوەن و بەڵگەکانیان لەلای هەندێ خەڵک شاراوەن بەڵام ئەوەی ئەوخەڵکانە ئەنجامی دەدەن لەبـابەتە ڕوون وئاشکراکان(وەک پاڕانەوە لەمردوان) یان ئەوبابەتـانەی کەپێویستیەکی زانراوە لـەدیـندا (وەک حەڕامی ئارەق وزینا ...هتد کە بەئاشکرا ئەم شتانە حەرامە ئەوەکەسەی حەڵاڵی بکات) ئەوا ناوەستیت لەتەکـفیرکردنی خاوەنەکەی.
الدرر السنية ج8 ص 244 نقلا عن ضوابط تكفير المعين لأبي العلا الرّاشد

شێخ إسحاق بن عبد الرحمن رحمه الله دەفەرموێت
(كلام أئمة الدين أن الأصل عند تكفير من أشرك بالله فإنه يُستتاب فإن تاب وإلا قتل لا يذكرون التعريف في مسائل الأصول إنما يذكرون التعريف في المسائل الخفية التي قد يخفى دليلها على بعض المسلمين كمسائل نازع فيها بعض أهل البدع كالقدرية والمرجئة أو في مسالة خفية)

وتەی زانایانی دیـن ئەوەیە کە ئەصڵ لەتەکفیردنی ئەوانەی شەریک بۆاللە بڕیار دەدەن داوای تەوبەیان لێدەکرێت گەر تەوبە نەکەن دەکوژرێن زانایان نەیانفەرموو فێردەکرێن لەبابەتەکانی ئصوڵی دین بەڵکو لەبابەتە شاراوەکاندا مەرجی فێرکردن دائەنێن بۆتەکفیر چونکە بەڵگەکان تێیدا شاراوەیە لەلای هەندێ لەموسڵمانان وەک ئەوباسانەی کەئەهلی بیدەع تێیدا ناکۆکن وەک بیدعەی قەدەری و موڕجیئە و یان بابەتە شاراوەکان. رسالة تكفير المعين

هەموو کـاتێ ئیکراهـ نابێت بەمانعی تەکفیر ونابێت بەعوزر نمونەش ئەم ڕوداوەیە

ئیمامی طبری رحمه الله دەیگێڕێتەوە بەسەندێك لە إبن عباس ـەوە کەفەرموویەتی
خەڵکانێ لەمەککە موسڵمان بوون ئیسلامەتیەکەیان دەشاردەوە موشریکان ئەو موسڵمانانەیان لەگەڵ خویان هێنا بۆجەنگی بەدر هەندێکیان کوژران بەدەستی صحابەکان لەوجەنگەدا بۆیە موسڵمانان(صحابەکان) وتیان ئەوانەش هاوەڵی ئێمەن وموسڵمانن بەزۆرهێنراون بۆشەڕکردن لەدژمان داوای لێخۆشبونیان بۆبکەن ئیتر ئەم ئایەتە دابەزی کەالله ـدەفەرموێت (إِنَّ الَّذِينَ تَوَفَّاهُمُ الْمَلَائِكَةُ ظَالِمِي أَنفُسِهِمْ قَالُوا فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُوا كُنَّا مُسْتَضْعَفِينَ فِي الْأَرْضِ ۚ قَالُوا أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ اللَّهِ وَاسِعَةً فَتُهَاجِرُوا فِيهَا ۚ فَأُولَٰئِكَ مَأْوَاهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا) النِّسَاء : ٩٧

بێگومان ئەوانەیان کە فریشتە گیانیکێشان، لەکاتێکدا ناهەقییان لەخۆیان کرد، چونکە (دار الشرک) یان بەجێ نەهێشت و کۆچیان نەکرد بۆ نیشتمانی ئیمان (مەدینە) فریشتەکان پێیان دەڵێن: باشە ئێوە لەکوێبوون، بۆچی لێرە کۆچتان نەکردو لەگەڵ موشریکەکاندا مانەوە ؟!
ئەڵێن: ئێمە لەو وڵاتی کوفرە بێ دەسەڵات و لاوازکراوبووین، نەمان دەتوانی بۆهیچ لایە کۆچ بکەین و بەناچاریی هەر لەوشوێنە ماینەوە
فریشتەکان دەڵێن: ئایا زەویی الله فراوان نەبوو تا لەوێ کۆچ بکەن و بڕۆنە جێگایەکی ترو، بە ئازادانە دینداری خۆتانتان کردبا؟ جا لە قیامەتدا ئەوانە جێگایان دۆزەخە ئەویش چارەنووسێکی نالەبارو خراپە .

کەواتا الله ڕەدی کردەوە هاوەڵان داوای لێخۆشبونیان بۆبکەن وە ناچارکردنیان نەبوە عوزر ومانعی تەکفیر بۆیان

شێخ سلیمان بن عبد الله رحمه الله دەفەرموێت:
فإن قال قائل: هلا كان الإكراه عذراً للذين قتلوا يوم بدر على الخروج ؟. قيل: لا يكون عذراً لأنهم في أول الأمر لم يكونوا معذورين إذا أقاموا مع الكفار، فلا يعذرون بعد ذلك بالإكراه ؛ لأنهم السبب في ذلك، حيث أقاموا معهم وتركوا الهجرة

ئەگەر کەسێك بڵێت ئایا ناچارکردنیان لەلایەن کافرانەوە نابێت بەعوزر بۆیان ؟

پێیان دەڵێین نەخێر ناچارکردنەکەیان نابێت بەعوزر چونکە ئەوان سەرەتا عوزریان نەبوو (دەیانتوانی هیجرەت بکەن) کەچی مانەوە لەوڵاتی کافران بۆیە عوزریان بۆنیە بەئیکراه وناچارکردن چونکە خۆیان هۆکاربون بۆئەوەی توشی کوفربن چونکە لەوڵاتی کافران مانەوە وهیجرەتیان نەکرد.

الدلائل في حكم موالاة أهل الإشراك ص37

هەرکەسێ لەبەر دایك یان باوك یان منداڵ یان پارە یان خانوو یان بازرگانیەکەی هیجرەت ناکات ئەوا با ئەم ئایەتەی لەبیر بێت کەالله دەفەرموێت

(ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ اسْتَحَبُّوا الْحَيَاةَ الدُّنْيَا عَلَى الْآخِرَةِ وَأَنَّ اللَّهَ لَا يَهْدِي الْقَوْمَ الْكَافِرِينَ) النَّحْل : ١٠٧

چونکە ئەوان ژیان و گوزەرانی ئەم دونیایەیان هەڵبژارد بەسەر پاشەڕۆژدا، وە هەڵبژاردنی دنیا بەسەر دوا رۆژدا کافربوونە بێگومان الله خەڵکانی بێ باوەڕو کافر ڕێنوێنی ناکات بۆسەر ریّی راست.

بۆیە ئەگەر لەدار الکفر دا بیت فوڕسەتی هیجرەتت بۆ ڕێکبکەوێ بۆ دار الاسلام بەڵام هیجرەت نەکەی ئەوا ئەگەر لەژێر ئیکراهیشدا کوفرت پێ بکەن هەرکافری لەدونیا وقیامەت ئەو ئیکراهە بۆت نابێت بەعوزر

مەرج وڕێگریەکانی تەکفیر

بێگومان ئێمەی موسڵمان کەپێویستە شوێن قورئان وسونەت بکەوین دەبینین لەقورئان وسونەتدا هەنێ مەرج و ڕێگری دانراوە بۆتەکفیر لەوبابەتانەی کەشاراوەن و خەفین وبەڵگەکانیان بەئەقڵ درکی پێناکرێت بەڵکو لەپاش گەیشتن وتێگەیشتن ئەگەر خاوەنەکەی نکۆڵی لێ بکات ئینجا تەکفیر دەکرێت

بێگومان هەر مەرج وڕێگریەکیش بۆهەربابەتێ لەقورئان وسونەت باس نەکرابێت ئەوا باطڵە بەڵام ئەومەرجانەی لەشەرع باسکراون لەگەڵ ڕێگرەکان (موانع) ی تەکفیری بەپوختی تیشکیان دەخەینە سەر بەئیزنی الله تعالی

شيخ الإسلام ابن تيميه دەفەرموێت:

"فلهذا كان أهل السنة لا يكفرون من خالفهم، وإن كان ذلك المخالف كفرهم؛ لأن الكفر حكم شرعي، فليس للإنسان أن يعاقب بمثله، كمن كذب عليك، وزنا بأهلك، ليس لك أن تكذب عليه، وتزني بأهله، لأن الكذب والزنا حرام لحق الله -تعالى-، وكذلك التكفير حق لله، فلا يكفر إلا من كفره الله ورسوله" [تلخيص كتابة الاستغاثة لابن تيمية: 2/492].

بەم شێوەیە ئەهلی سونەت تەکفیری ئەوانە ناکەن کەپێچەوانەی ئەهلی سونەت (بیدعە وکوفری خەفیان هەیە) ئەگەر چی پێچەوانکارەکانیان تەکفیری ئەهلی سونەت دەکەن چونکە تەکفیر حوکمێکی شەرعیە مرۆڤ بۆی نیە وەک سزادان تەکفیر بەکاربهێنێت وەک چۆن کەسێ زینا لەگەڵ کەسوکارت بکات ودرۆت بەدەمەوە بکات تۆ بۆت نیە وەک سزادانی بچیت زینا لەگەڵ کەسوکاریدا بکەیت ودرۆی بەدەمەوە بکەیت چونکە درۆ زینا لەهەقی الله داحەرامە بەهەمان شێوە تەکفیر مافی الله یە نابێت کەس تەکفیربکەی ئیلا ئەوەنەبێت الله ورسولەکەی صلى الله عليه وسلم تەکفیریان کردبێ.

ابن القيم -رحمه الله- له النونيةکەیدا الشافية الكافية دەفەرموێت:

"الكفر حق الله ثم رسوله، بالشرع يثبت لا بقول فلان، من كان رب العالمين وعبده، قد كفراه فذاك ذو الكفران

[شرح قصيدة ابن القيم": 2/412].

تەکفیر مافی الله و پاشان رسولەکەیەتی، بەشەرع، دەچەسپێ نەک بەوتەی فلان، هەرکەسێ الله ی جیهانیان وڕسولەکەی تەکفیریان کردبێت ئەوا بێ گومان ئەو کەسەیە کەکافر وبێ باوەڕە.

الشوكاني -رحمه الله دەفەرموێت:

"اعلم أن الحكم على الرجل المسلم بخروجه من دين الإسلام ودخوله في الكفر لا ينبغي لمسلم يؤمن بالله واليوم الآخر أن يقدم عليه إلا ببرهان أوضح من شمس النهار" [السيل الجرار: 4/578].

باش بزانە حوکم دان بەسەر پیاوێکی موسڵمان بەدەرچونی لەدین و تەکفیرکردنی دروست نیە موسڵمانێ کەباوەڕی بەالله وڕۆژی دوای هەبێت کەئەو تەکفیرکردنە ئەنجام بدات ئیلا بەبەڵگەیەک هێندە ڕوون وئاشکرابێت کە لەخۆری نیوەڕوان ئاشکرا تربێت)

كەواتا تەكفیر لەبابەتی ئاشكرا دا ڕاستەوخۆ دەكرێت بەڵام تەكفیر لەبابەتی شاراوە كە وەك تیشكی خۆر ئاشكرا نیە دروست نیە ڕاستەوخۆ بكرێت

بەڵگەكان لەسەر مەرج وڕێگریەكانی تەكفیری كەسێك كەكوفری شاراوەی ئەنجام داوە

مەرجی تەكفیر

مەرجی یەكەم بەبەڵگەی كتاب وسونەت سەلمێنرابێت ئەو وتەیە ئەو باوەڕە یان ئەو كارە كوفری گەورەیە

مەرجی دووەم ئەوكەسەی ئەو كوفرەی كردووە كەسێك بێت تەكلیفی شەرعی لەسەر بێت (شێت ومنداڵ نەبێت خەوتوو نەبێت و عەقڵی لەشوێن خۆی بێت)

جۆرەكانی مانعی تەكفیر

① جەهل

ئەوكەسە زانستی هەبێت وبزانێت ئەو كارەی كردوویەتی حەرامە وكوفرە لقوله تعالى :

(وَمَنْ يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِنْ بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَى وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّى وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ وَسَاءَتْ مَصِيراً) النساء/115

(هەركەسێك پاش ئەوەی ڕێگەی هەق و راستیی بۆ دەركەوت و شارەزای دینی الله بوو دژایەتی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بكا و ڕێگاو ڕێبازێ بگرێتە بەر، كە ڕێگای راستی باوەڕداران نەبێت ئێمەیش ڕووی ئەكەینە ئەو بەرنامەو ڕێگایە بەئارەزوی خۆی لەدنیادا هەڵیبژاردووە، لەقیامەتیشدا ئەیخەینە ناو ئاگری تاودراوی دۆزەخەوە ئای كە دۆزەخ جێ و ڕێیەكی زۆر سامناك و خراپە و، بۆیان ئامادەكراوە.

مناطی تەکفیرکردنەکەی خستە پاش ئەوەی کەهەقیان بۆ ڕون بۆتەوە ودوای ڕون بونەوەی لەهەق لایان داوە
وقوله تعالی (وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْماً بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّى يُبَيِّنَ لَهُمْ مَا يَتَّقُونَ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) التوبة/115

ئیمامی بوخاری (ت 256 هـ) لەبارەی ئەعیانی جەهمیەکانەوە دەفەرموێت
(وكل من لم يعرف الله بكلامه أنه غير مخلوق فإنه يعلم، ويرد جهله إلى الكتاب والسنة، فمن أبى بعد العلم به، كان معاندا، قال الله تعالى: {وما كان الله ليضل قوما بعد إذ هداهم حتى يبين لهم ما يتقون} [التوبة: 115] ،

هەرکەسێ الله نەناسێت بەوتەکەی کەباوەڕی وابێت قورئان مەخلوق نیە ئـەوا ئەوکەسە فێردەکرێت و جەهلەکەی لادەبرێ بەقورئان وسونەت گەر پاش زانست ملکەچ نەبوو ئەوا کەسێکی عینادە.

الله فەرموویەتی : (وَمَا كَانَ اللَّهُ لِيُضِلَّ قَوْمًا بَعْدَ إِذْ هَدَاهُمْ حَتَّىٰ يُبَيِّنَ لَهُم مَّا يَتَّقُونَ ۚ إِنَّ اللَّهَ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ) التوبَة : ١١٥

خۆ پاش ئەوەی الله خەڵکێکی خستبێتە سەر ڕاستەڕێ، ئیتر نەبووە جارێکی تر گومڕایان بکات. تا ئەو شتانەیان بۆ ڕوون بکاتەوە کە دەبێ خۆیانی لێ پارێزن .

الحافظ ابن عبد البر رحمە الله دەفەرموێ:
(و أما جهل هذا الرجل المذكور في هذا الحديث بصفة من صفات الله في علمه وقدرته، فليس ذلك بمخرجه من الإيمان....)

جاهل بـونی ئەم پیاوەی کەباسکرا لەم فەرموودەیەدا کەجاهل بوو بەسیفەتێ لەسیفاتەکانی الله لە زانست و هێزی الله ئەوە ئەم جاهل بونەی لەئیمان دەری نـاکـات .

وە دەفەرموێت
ألا ترى أن عمر بن الخطاب وعمران بن حصين وجماعة من الصحابة سألوا رسول الله - صلى الله عليه وسلم - عن القدر. ومعلوم أنهم إنما سألوه عن ذلك وهم جاهلون به، وغير جائز عند أحد من المسلمين أن يكونوا بسؤالهم عن ذلك كافرين، أو يكونوا حين سؤالهم عنه غير مؤمنين.

ئایا نابینیت عمری کوڕی خطاب و عمران ـی کوڕی حصین وکۆمەڵی لەهاوەڵان پرسیاریان لەپێغەمبەرصلی الله علیه وسلم کرد لەبارەی قەدەر وە زانراویشە کاتێ ئەوان پرسیاریان لەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کرد خۆیان نەیان دەزانی وە هیچ ڕەوانیە لەلای هیچ موسڵمانێك بڵێت هاوەڵان بەو پرسیارکردنەیان کافر بونە یان لەکاتی پرسیارکردنەکەدا ئیماندارنەبونە

وروى الليث عن أبي قبيل عن شُفَيٍّ الأصبحي عن عبد الله بن عمرو بن العاص- فذكر حديثاً في القدر، وفيه: فقال أصحاب رسول الله - صلى الله عليه وسلم فأي شيء نعمل إن كان الأمر قد فرغ منه؟

لیث گێڕاویەتیەوە لەابی قبیل لەشفی الاصبحی لەعبدالله ـی کوڕی عەمری کوڕی عاص کەباسی فەرموودەی قەدەر دەکات و دەفەرموێت هاوەڵانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وتیان بۆچی کردەوە بکەین مادام لەقەدەردا هەمو شتێ بڕاوەتەوە؟

فهؤلاء أصحاب رسول الله- صلى الله عليه وسلم - وهم العلماء الفضلاء- سألوا عن القدر سؤال متعلم جاهل؛ لا سؤال متعنت معاند، فعلمهم رسول الله - صلى الله عليه وسلم - ما جهلوا من ذلك، ولم يضرهم جهلهم به قبل أن يعلموه، ولو كان لا يسعهم جهله وقتاً من الأوقات؟ لعلمهم ذلك مع الشهادة بالإيمان،

ئائەوانە هاوەڵی پێغەمبەربون صلی الله علیه وسلم وەزانا وچاکەکانی ئومەت بون پرسیاریان لەبارەی قەدەرەوە کرد پرسیاری کەسێکی نەزان کەبیەوێ خۆی فێربکات نەك پرسیارکردنێکی بۆملکەچ نەبون وعینادی کردن جا پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فێری کردن ئەوەی کەپێی جاهیل بون وە ئەو جاهیل بونەشیان زیانی پێ نەگەیاندن پێش ئەوەی بیزانن ئەگەر جاهل بون نەبوایە لەهیچ کاتێ لەکاتەکاندا ئەوە لەدوای ئەو پرسیارەوە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم داوای ئەوەی فێری کردن داوای لێ دەکردن شەهادە بهێننەوە بۆ ئەوەی ببنەوە بەموسڵمان .

(التمهيد 18/46،47.).

② مانعی دووەم (الخطأ)

کەسێ کوفری بڵێت یان بیکات بەبێ مەبەستی کردنی ئەو کرداره یان ئەو وتەیە بێت
وەک نمونەی ئەو پیاوەی کەویستی بڵێت الله تۆ پەروەردگاری منی منیش عەبدی تۆم کەچی زمانی هەڵەی کرد وتی تۆ بەندەی منی منیش پەروەردگاری تۆم جا الله تعالی پێ کەنی بەوقسەیە لەزۆری دڵخۆشیدا هەڵەی کرد کەمەبەستی نەبوو ئەوقسەیە بڵێت لەکاتێکدا ئەوقسەیە کوفری ئاشکرایە بەڵام چونکە بەهەڵە بەزاری دا هات الله لێی خۆش بوو

کەله صحیح مسلم (2744) ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە
عن أنس بنِ مالك رضي الله عنه قال : قال رسول الله صلى الله عليه وسلم : (لَلَّهُ أَشَدُّ فَرَحًا بِتَوْبَةِ عَبْدِهِ حِينَ يَتُوبُ إِلَيْهِ مِنْ أَحَدِكُمْ كَانَ عَلَى رَاحِلَتِهِ بِأَرْضِ فَلَاةٍ فَانْفَلَتَتْ مِنْهُ وَعَلَيْهَا طَعَامُهُ وَشَرَابُهُ فَأَيِسَ مِنْهَا فَأَتَى شَجَرَةً فَاضْطَجَعَ فِي ظِلِّهَا قَدْ أَيِسَ مِنْ رَاحِلَتِهِ فَبَيْنَا هُوَ كَذَلِكَ إِذَا هُوَ بِهَا قَائِمَةً عِنْدَهُ فَأَخَذَ بِخِطَامِهَا ثُمَّ قَالَ مِنْ شِدَّةِ الْفَرَحِ اللَّهُمَّ أَنْتَ عَبْدِي وَأَنَا رَبُّكَ أَخْطَأَ مِنْ شِدَّةِ الْفَرَحِ)

بەهەمان شێوە گەر کەسێ لەسەر کتابی دانیشێت نەزانێ ئەوکتابە قورئانە ئەوا تەکفیرناکرێت بەڵام گەر کەسێ لەسەرقورئان دانیشێت بزانێ کەئەوە قورئانە ئەوا کافر ئەبێت ئەگەرچی نەشزانێ دانیشتن لەسەر قورئان کوفرە.

③ مانعی سێهەم (تەئویل)

تەئـــویل ـی هەڵە بۆ ئایەت وفەرموودە
گەر کەسێ بەنیەتی شوێنکەوتنی شەرعەوە تەئویلی سیفاتێکی الله بکات یان تەئویلی شتێ لەشەرع بکات کەبەڵگەکانی شاراوە بێت ئەوا تەئویلکردنەکەی مانعی تەکفیرکردنیەتی

قال تعالى : (ولَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ فِيمَا أَخْطَأْتُم بِهِ وَلَكِن مَّا تَعَمَّدَتْ قُلُوبُكُمْ وَكَانَ اللَّهُ غَفُوراً رَّحِيماً) الأحزاب/5
هیچ گوناه و لۆمەیەک لەسەرتان نییە لەو شتانەی کە بە هەڵە (بێ ئەنقەست) تێیدا دەکەون، بەڵام (لۆمە لەسەر ئەو شتانەیە) کە دڵەکانتان بە ئەنقەست و بە ویستەوە مەبەستی بووە. وە خوای گەورە لێخۆشبوو و بە بەزەییە.

لەفەرموودەیەکدا کەئیمامی موسلم دەیگێڕێتەوە 126
کەالله تعالى ئەم ئایەتەی دابەزاند کەدەفەرموێت: {لا يُكَلِّفُ اللَّهُ نَفْسًا إلَّا وُسْعَها لها ما كَسَبَتْ وعليها ما اكْتَسَبَتْ رَبَّنا لا تُؤاخِذْنا إنْ نَسِينا، أوْ أخْطَأْنا}
الله تەکلیف ناخاتە سەر هیچ نەفسێ ئیلا بەئەندازەی ئەوەنەبێت کەلەتوانایدا هەیە هەرکەس چاکە بکات پاداشتەکەی بۆخۆیەتی خۆگەر خراپەش بکات سزاکەی بۆخۆیەتی پەروەردگارا لێمان مەگرە گەر شتێکمان لەبیرچویەوە یان هەڵـەمان کرد.
قالَ: قدْ فَعَلْتُ
الله فەرمووی ئەوە داواکەتانم جێ بەجێ کرد

{رَبَّنا ولا تَحْمِلْ عليْنا إصْرًا كما حَمَلْتَهُ علَى الَّذِينَ مِن قَبْلِنا}
پەروەردگارا ئەرکێکی قورس وگران مەخەرە سەرشانمان کەتوانی هەڵگرتنیمان نەبێت وەک ئەوانەی پێش خۆمان
قالَ: قدْ فَعَلْتُ
الله فەرمووی داواکەتانم جێ بەجێ کـرد

{واغْفِرْ لنا وارْحَمْنا أنْتَ مَوْلانا} قالَ: قدْ فَعَلْتُ.
لێمان خۆش بەو ڕەحمان لێ بکە تۆ پشت وپەناو گەورەمانی
الله فەرمووی داواکەتانم جێ بەجێکرد

كـەواتە هەڵەكردن لەنەپێكانی صواب لەبابەتە خەفیەكان ڕێگرە لەتەكفیر نمونەی كرداری لەناو سەلەفدا لەسەر بەكارهێنانی ئەم مانعی تەكفیرە

القاضي شريح ئینكاری سیفەتی سەیر پێهاتنی الله ـی دەكرد وئینكاری دەكرد ئەم ئایەتە بەم شێوە بخوێنرێتەوە (بل عجبتُ) دەیگوت الله سەیر پێهاتنی نیە . ئەم قسەیەی گەیشت بەئیمامی إبراهيم النخعي فەرمووی ‘ إن شريحا شاعر يعجبه علمه ، كان عبد الله افقه منه ، فكان يقول (بل عجبتُ)،

شریح شاعیرە موعجیبە بەزانستەكەی خۆی عبدالله لەو تێگەشتو تربوو ئایەتەكەی بە بل عجبتُ دەخوێندەوە .
مجموع الفتاوى (12/412).

كەچی هەموو ئومەت یەكدەنگن كە شریح زانای ئومەتە وكەسیش تەكفیری نەكرد ! سەرەڕای ئەوەی شریح پێی وترابوو كەهەڵەیە بەڵام چونكە تەئویلی هەبوو لەوبابەتە تكفیرنەكرا كەواتا بابەتی سیفات خاوەنەكەی تكفیرناكرێ تابەتەواوی تەئویلەكەی لانەدرێ.

ئیمامی ابن منده لە كتاب التوحيد ـەكەیدا ، ج1، ص223
تەئویلی فەرموودەی دروستكردنی ئادەم لەسەر شێوەی الرحمن تەئویل دەكات دەڵێت: وإنما أراد النبي بهذا الكلام أن الله عز وجل خلق بني آدم على صورة أبيهم.
مەبەست پێی دروستكردنی نەوەكانی ئادەم ـلەسەر شێوەی ئادەم ـی باوكیانە عليه‌السلام .

كەچی سەلەف فەرموویانە
عبدالوهاب الوراق قوتابی ئیمام احمد فەرموویەتی
: من لم يقل إن اللَّه خلق آدم عَلَى صورة الرحمن فهو جهمي
هەركـەسێ نەڵێت الله ئادەمی دروست كردوە لەسەرشێوەی الرحمن ئەوكەسە جەهمیە .
طبقات الحنابلة (/212)

كەچی هیچ زانایەكی سەردەمی ابن منده وپاش ابن منده تەكفیری ابن مندەی نەكرد

شـێخ ـی ئیسلام ابن تیمیه رحمه الله **له** "مجموع الفتاوی" (12/180) **:دەفەرموێت**
"فالصواب أن من اجتهد من أمة محمد صلى الله عليه وسلم وقصد الحق فأخطأ لم يكفر ، بل يغفر له خطؤه ، ومن تبين له ما جاء به الرسول ، فشاق الرسول من بعد ما تبين له الهدى واتبع غير سبيل المؤمنين فهو كافر .

وتەی دروست ئەوەیە هەرکەس لەئومەتی محمد صلی الله علیه وسلم اجتهاد بکات ومەبەستی دۆزینەوەی هەق بێت بەڵام هەڵە بکات لەپێکانی هەق تەکفیرناکرێ بەڵکو الله لەهەڵەکەی خۆشەبێت بەڵام هەرکەسێ ئەوەی بۆ ڕون بێتەوە کەپێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی هاتوە لەڕێگەی رسول صلی اٌلله علیه وسلم لابات لەپاش ڕون بونەوە لەڕێگەی ئیمانداران لاٌبات ئـەوە کـافرە .

ـوە ـدەفەرموێت رحمه الله (3/229) :
والتكفير هو من الوعيد ؛ فإنه وإن كان القول تكذيباً لما قاله الرسول صلى الله عليه وسلم ، لكن قد يكون الرجل حديث عهد بإسلام ، أو نشأ ببادية بعيدة ، ومثل هذا لا يكفر بجحد ما يجحده حتى تقوم عليه الحجة ، وقد يكون الرجل لم يسمع تلك النصوص ، أو سمعها ولم تثبت عنده ، أو عارضها عنده معارض آخر أوجب تأويلها وإن كان مخطئاً .

تەکـفیر له وەعیدە ئەگەرچی (تەئویلی صفات) تکـذیب ـە بۆ وتەی رسول الله صلی الله علیه وسلم بەڵام لەوانەیە ئەوکەسە تازە موسڵمان بوبێت یان لە دەشتایەکی دوورە دەست لەموسڵمانان ژیابێت جاهاوشێوەی ئەمە تەکفیرناکرێت تا ئیقامە حجە دەکرێت یان پێدەچێت ئەوکەسە ئەو دەقە شەرعیانەی نەبیستبێت یان بیستویەتی بەڵام وای بۆدەرنەکەوتوە کەسەحیح بێت یان شتێک هەبێت لەدەقەکان ڕووبەڕووی ئەو دەقە بێتەوە لەلای ئەوکەسە بۆیە تەئویلی بکات ئەگەرچی تەٓئویلەٓکەی هەڵەیە ..

والمتأول من أهل الاجتهاد الحريص على متابعة الرسول صلى الله عليه وسلم أولى بالمغفرة من مثل هذا "

کەسی تەئویل کـار لەئەهلی اجتهاد کەسورە لەسەر شوێنکەوتنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم ئەولاترە بەلێخۆشبون تاوەک ئەوپیاوەی (کەشەکی لەقودرەتی الله هەبوو کەوتی پاش مردنم بمسوتێنن گەر الله بتوانێ زیندووم بکاتەوە ئەوا سزایەکی وام ئەیا سزای کەسی نەیابێت کاتێ الله لێی پرسی بۆچی وات کرد وتی لەترسی تۆیا الله لێی خۆش بوو)

ئيمامى الشافعي له الأم: (6/ 205): **"ئيجماعى سەلەف نەقڵ ئەكات ئەفەرمويت لم نعلم أحدًا من سلف هذه الأمة يقتدى به ولا من التابعين بعدهم ردّ شهادة أحد بتأويل، .. ولا ردّ شهادة أحد بشيء من التأويل كان له وجه يحتمله، وإن بلغ فيه استحلال الدم والمال أو المفرط من القول ".**

نەمان زانيوە هيچ يەكێك لەسەلەفى ئەم ئومەتە ولەوانەى كەچاويان لێ ئەكرێت ونەلە تابعين ونەلە دواى تابعين ڕەدى شايەتى كەسێكيان كردبێتەوە لەبەر تەئويل شايەتى هيچ كەسێكيان نەكردۆتەوە كەتەئويلێكى هەبێت تەئويلەكەى مانايەك هەڵبگرێت ئەگەر چى بەهۆى تەئويلەوە خوێن وماڵ وزيادەڕەوى لەوتەدا حەلاڵ كردبێت

ابن حجر له فتح الباري (12/ 304)**رحمه الله ئەفەرمووێت**
" قال العلماء كل متأول معذور بتأويله ليس بآثم إذا كان تأويله سائغًا في لسان العرب وكان له وجه في العلم ".

هەموو تەئويل كارێ عوزرى بۆهەيە بەهۆى تەئويلەكەى وەتاوانبار نيە ئەگەر تەئويلەكەى لەزمانى عەرەبيدا مانا هەڵبگرێت يان لەزاستدا مانايەك هەڵبگرێت

شێخ ى ئيسلام ابن تيميه رحمه الله ئەفەرموێت (له كتاب الاستغاثة (1/282،283).
أنّ الصحابة - رضي الله عنهم - لم يكفروا قدامة بن مظعون - - رضي الله عنه- لما شرب الخمر معتقدًا أنها تحل له ولأمثاله، متأولًا قوله تعالى (لَيسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُواْ وَعَمِلُواْ الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُواْ إِذَا مَا اتَّقَواْ) [المائدة: 93]

هاوەڵان تەكفيرى قودامەى كوڕى مظعون يان نەكرد ڕەزاى الله ى لێ بێت كاتێ ئارەقى خواردەوە پێى وابوو بۆى حەڵاڵە بەتەئويلى ئەم ئايەتە (لەسەر ئەوانە تاوان نيە كەوا ئيمانيان هێناوە وكردارى چاكە ئەكەن وخوردوويانەتەوە بەمەرجێ تەقوايان هەبێت)

ابن قدامة له المغني له كتاب المرتد بەرگى9 پەڕەى12 ئەفەرموێت
وقد روي أن قدامة بن مظعون شرب الخمر مستحلا لها فأقام عمر عليه الحد ولم يكفره ، وكذلك أبو جندل بن سهيل وجماعة معه شربوا الخمر بالشام مستحلين لها مستدلين بقول الله تعالى : { لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوا (المائدة : 93) } فلم يكفروا وعرفوا تحريمها فتابوا وأقيم عليهم الحد ،

ڕیوایەت کراوە کەقودامەی کوڕی مظعون ئارەقی خواردەوە بەحەڵاڵی زانی ئیمام ی عمر حەدی لێ دا وتەکفیرنەکرا بەهەمان شێوە ابو جندل بن سهیل و کۆمەڵێکی ترلەگەڵیدا لەشام ئارەقیان خواردەوە بەحەڵاڵیان زانی بەبەڵگەی ئایەتی(لَيْسَ عَلَى الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوا (المائدة : 93) تەکفیرنەکران بەڵکو فێرکران کەحەرامە تەوبەیان کرد حەدیان لێ درا

فيخرج فيمن كان مثلهم مثل حكمهم ، وكذلك كل جاهل بشيء يمكن أن يجهله ، لا يحكم بكفره حتى يعرف ذلك ، وتزول عنه الشبهة .

لەم ڕیوایەتەش ئەوە وەرئەگیرێت هەرکەسێ وەک ئەوان بێت حوکمی ئەوانی بۆهەیە بەهەمان شێوە هەموو جاهلێک بەشتێ بکرێت جاهل بێت تێدا حوکم بەکافربونی نادرێت تافێر ئەکرێت و گومانەکەی لادەدەرێ

شيخ الإسلام ابن تيمية **له** منهاج السنة **ئەفەرموێت** (5/95): "
لم تكفر الصحابة الخوارج مع تكفيرهم لعثمان وعلي ومن والاهما واستحلالهم لدماء المسلمين المخالفين لهم "

هاوەڵان تەکفیری خەواریج یان نەکرد سەرەڕای ئەوەی خەوارج تەکفیری عثمان وعلی و لایەنگرانیان ئەکرد وخوێنی ئەو موسڵمانانەیان حەڵال ئەکرد کەپێچەوانەی خۆیانن.

مانعی ئیکراه
ابن حزم **له** المحلى(8/33):**ئەفەرموێت " والإكراه هو كل ما سمّي في اللغة إكراهًا، وعرف بالحس أنه إكراه.**

ئیکراه زۆر لێکردن هەرشتێکە کەلەزماندا بەزۆرلێکردن ناوبنرێت وەبەهەست ئەزانرێت کەئەوشتە زۆرلێکردنە .

ابنُ بطال **ئەفەرموێت: أجمع العلماء على أن من أكره على الكفر حتى خشي على نفسه القتل أنه لا إثم عليه إنْ كفر وقلبه مطمئن بالإيمان،.. ولا يُحكم عليه بحكم الكفر شرح** صحيح البخاري لابن بطال (8/291

زانایان یەکدەنگن کەهەرکەسێ ناچاربکرێت لەسەر کوفر تاترسی ئەوە لەسەر نەفسی دروست بێت کەئەکوژرێت ئەواتاوانی لەسەرنیە ئەگەرکوفربکات و دڵی ئارام بێت بەئیمان وە ..حوکم بەکافربونی نادرێت.

ئەو شتانەی باسکرا تەنها بۆکوفری خەفیە ئەگینا شیرکی گەورە وهاوبەشدانان بۆالله وپەرستنی غەیری الله بەجۆرەکانیەوە وا جوێندان بەالله و رسولەکەی وسوکایەتی بەدین وحەڵاڵکردنی حەرامێک کە گەورە وبچوکی موسڵمانان ئەزانن حەرامە ئەوا تەئویل واجتهاد وجەهل تێیدا عوزرنیە

قال تعالی

(لَا تَعۡتَذِرُواْ قَدۡ كَفَرۡتُم بَعۡدَ إِيمَٰنِكُمۡۚ)

بڵێ: بڕوبیانووی مەهێننەوە، چونکە پاش ئەوە باوەڕتان هێنا، کافربوونەوە

وقال تعالی

(وَلَقَدۡ قَالُواْ كَلِمَةَ ٱلۡكُفۡرِ وَكَفَرُواْ بَعۡدَ إِسۡلَٰمِهِمۡ) التوبَة

یەک وشەی کوفریان وت بەڕاست کافربونەوە لەپاش موسڵمان بونیان

اَلْحَمْدُ لِلّٰهِ رَبِّ الْعَالَمِيْنَ